# پەیوەندییەکان

# پەیوەندییەکان

## پەیوەندی

بریتییە لە گواستنەوەی زانیاری و داتا لە نێوان دوو تاك، یاخود زیاتر لە پێناو زۆرکردنی تێگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بۆچونەکان، یاخود هەماهەنگی لە هەڵوێستە هزری، یاخود ڕەفتارییەکان بە ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ (ڕووبەڕوو)، یاخود لەڕێگای کەناڵەکانی پەیوەندی.

## گرنگی پەیوەندی

1. دەستپێوەگرتن بە کات: ئەو پەرەپێدانە مەزنەی کە لە تەکنیکەکان و کەرەستەکانی پەیوەندی ڕوویدا، بووە هۆی خێرابونی گەیشتنی زانیارییەکان، هەروەها دروستبوونی تۆڕەکانی زانیاری و پەیوەندییەکان (ئەنتەرنێت)، تا ئاستێکی گەورەش لە شۆڕشی زانیاری بەشداری کرد، توانای کارگێڕی لە کۆمپیوتەر زیاد کرد، کە ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەبوو لە زۆربوونی کارایی چالاکییە کارگێڕییەکان.
2. پێویستە پەیوەندی لە هەموو ئاستەکاندا هەبێت: بەهۆی ئەوەی کە پەیوەندی کارگێڕی پێویستە لە تەواوی ئەو ئاستە کارگێڕییانەی کە لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و جێبەجێکردنی پرۆژەکان کاردەکەن، ئەوا پەیوەندی کەرەستەیەکی کارگێڕییە لە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئەو هزرانەی کە پەیوەستن بە ئامانجە دانراوەکان و ئەوانەی لە دەستەبەرکردنی توانست و چالاکی. پەیوەندی کارگێڕی گرنگە، چونکە کەرەستەیەکی چالاکە بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر ڕەفتاری فەرمانبەرەکان و

ئاراستەکردنی کۆششەکانیان، بەشێوەیەك پەیوەندی چالاك، رۆحی مەعنەوی سەرۆك و فەرمانبەرەکە بەرزدەکاتەوە، رۆحی تیم گەشەپێدەدات و هەستکردن بە ئینتیما لایان

3. بەهێز دەکات، هەروەك وادەکات سەرۆك ئاشنا بێت بە پێداویستی و ئامانج و پەرچەرکردارەکانی فەرمانبەرەکان بەرامبەر ئامانج و سیاسەتەکانی دامەزراوە.
4. ئاسانی دەستەبەرکردنی ئامانجەکان: پەیوەندی چالاك بەشداری لە گواستنەوەی ئەو فەرمان و رێنماییانە دەکات کە کارگێڕی بالاّ دەریدەکات، کە پەیوەستە بەو کارانەی کە فەرمانبەرەکانی ئەنجامی دەدەن بۆ تێگەیشتن لە سروشتی کارە جیاوازەکانیان و ئەو ئامانجە رێکخراوانەی کە هەوڵی بۆ دەدەن، لەگەلّ مەودای هەوڵدانیان بۆ دەستەبەرکردنی، تاوەکو بتوانن هاوکاری بکەن لەگەلّ یەکتر، ئەمەش رەزامەندییان دەستەبەر دەکات و مەعنەویەتییان بەرزدەکاتەوە.
5. ئاگاداربوونی کارگێڕی بالاّ لە رێڕەوی کاروبارە ناوەندی و جێبەجێکارییەکان: پەیوەندی یارمەتی کارگێری بالاّ دەدات تاوەکو ئاگاداری رێڕەوی کاروبارەکان بێت، بەهۆی گواستنەوەی تێبینی و بۆچون و پێشنیارەکان و سکالاّکانی فەرمانبەران، بەمپێیەش دەکرێت کارگێڕی بالاّ لە بارودۆخی دەوروبەری خۆی تێبگات و لەگەلّیدا بژیت، ئەمەش یارمەتیدەرە لە باشترکردنی ئاستی ئەدای فەرمانبەرانی دامەزراوەکانی حکومەت.
6. یارمەتی گواستنەوەی ئاستی زانیاری لە نێوان هەر سێ ئاستی کارگێری دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئالۆگۆڕکردنی شارەزایی و ئەزمون لە نێوانیاندا، پرۆسەی وردبینیکردن و چاودێری بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاسان دەکات.

# جۆرەکانی پەیوەندی

## 1. پەیوەندییە زارەکییەکان:

لە میانەی چاوپێکەوتنە کەسییە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووەکان و لەمیانەی چاوپێکەوتنە بە کۆمەڵەکان، یاخود لەڕێگای کۆنفڕانس و کۆبونەوە، یاخود بەهۆی ئامێرەکانی پەیوەندی تەلەفۆنی، ئەنجامدەدرێت.

## 2. پەیوەندییە نوسراوەکان

پشت بە نامە و نامەی نێردراو دەبەستێت، لە ڕێگای فەرمانگە تایبەتەکانی گەیاندنی پۆستی گشتی، یاخود لە میانەی ئەو فەرمانبەرانەی کە تایبەتن بە ئەنجامدانی ئەو کارە. ئەو

پەیوەندییانە شێوەی فەرمان و بڕیار وەردەگرن کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە دێتە خوارەوە، یاخود بۆ جەماوەر بڵاودەکرێتەوە و پێی رادەگەیەنرێت، یاخود لەسەر شێوەی راپۆرتە، یاخود سکاڵایە، یاخود پێشنیارەکانە.

3. ***پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکان:*** بە جۆری سێیەمی پەیوەندییەکان دادەنرێت، بە خێرایی و وردی لە گواستنەوەی زانیاری لە نێوان تەواوی ئاستەکان جیادەکرێتەوە، بە هەردوو جۆری زارەکی و نوسراودا.

# ڕەگەزەکانی پەیوەندی

**یەکەم**: نێرەر.

**دووەم**: نامە

**سێیەم**: کەناڵەکانی پەیوەندی

**چوارەم**: وەرگر.

**پێنجەم**:  فیدباك (التغذية العكسية)

### 1. نێرەر

ئەمە ئەو لایەنەیە زانیاری دەنێردرێت بە مەبەستی دروستکردنی ڕەفتارێکی دیاریکراو، دەیەوێت وەرگر هەست بە جیهانی دەوبەری خۆی بکات، پێشبینی وەڵامدانەوەی دەکات بۆ ئەوەی وەری دەگرێت، هەستکردنی ئاڵوگۆڕ لە نێوان و وێناکردنیان بۆ بەرژەوەندی بە پێویست دادەنرێت بۆ بەیەکگەیشتنی بەردەوام.

### 2. نامە:

مەبەست لێی کۆمەڵێك مانایە (لە ڕەمز و هەقیقەت و گوزارشت گەلێك پێکدێت کە دەکرێت نوسرا، یاخود زارەکی بێت، یاخود تەنها بەسەر دەربڕینەکانی ڕووخسار کورتبێتەوە)، نێرەر دەینێرێت لەمیانەی کەناڵگەلێکی گونجاو بە مەبەستی کاریگەری دروستکردن لەسەر ڕەفتاری.

### 3. کەناڵەکانی پەیوەندی:

کۆمەڵێك کەناڵی پەیوەندین، ئینجا چ فەرمی، یاخود نافەرمی بێت. کەناڵە فەرمییەکانیش، یان بۆ خوارەوەن، یاخود بۆ سەرەوەن، یاخود لاوەکیین، یاخود لە نێوان ئەو جێگایانەن کە ناڕاستەوخۆ بەیەکەوەبەستراون. لێرەدا ڕیزبەندی هەرەمی پشت بەو پەیوەندییانە دەبەستێت.
هەرچی نافەرمیبونە ئەوا هێشوویییە کە لەمیانەیەوە تاك و گروپەکان دەگوازرێتەوە لە دەرەوەی چوارچێوەی پێکهاتە و هەرەمەکە، کە ڕەمەکی و لەخۆوە دەبێت. هەروەها کەناڵەکانی پەیوەندی، یان بینراو، یاخود بیستراو، یاخود نوسراو، یاخود تێکەڵەیەك دەبن لە هەردووکیان.

### 4. وەرگر:

ئەمە ئەو لایەنەیە کە نامە لە نێرەر وەردەگرێت، وەلامدانەوەی وەرگری نامە، پشت بە ووردی و روونی ناوەڕۆکی نامە دەبەستێت، لەپاڵ کارامەیی کەسی وەرگر.

### 5. فیدباك (التغذية العكسية)

ئەمە ئەو پەرچەکردارەیە کە لای وەرگر دروستدەبێت لە دەرەنجانی پرۆسەی پەیوەندی، ئینجا ئایا کاریگەری داواکراو، یاخود ئامانجی ویستراو بەدەستدەهێنێت یان نا.

## نمونەکانی پەیوەندی



## ڕەگەزەکانی پەیوەندی چالاك

1. فەراهەمکردنی سیستەمێکی زانیاری چالاك، ناردن و بەردەوامی، داتای تەواو و زانیاری داواکراو لە خۆدەگرێت، تاوەکو بە شێوەیەك بنێردرێت کە ئاسان لێی تێبگەین.
2. ووردی و ڕوونی ئەو زانیارییانەی کە پێویستە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بنێردرێت.
3. هەڵبژاردنی کاتی گونجاو بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان لە نێرەوە بۆ وەرگر، لەگەڵ پێویستی ئاشنابوون بە تەواوی بارودۆخی کردەیی و ژینگەیی دەوربەری وەرگری نامە، بۆ مسۆگەرکردنی قبوڵکردن و جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی نامەکە.
4. توێژینەوەکردنی توانای فەرمانبەرە وەرگرەکان لە لایەنەکانی تەکنیکی و کردەیی و ڕەفتاری.
5. ڕوونی ئامانج لە نامەکە، بەشێوەیەك لەگەڵ مانا بەکارهاتووەکان بگونجێت.
6. پێویستە زمانێکی هاوبەش هەبێت لە نێوان هەموو فەرمانبەرەکانی ناوەخۆ لە پرۆسەی گواستنەوەی زانیارییەکان.
7. لەکاتی گونجانی جۆرێتی کار لەگەڵ پسپۆڕی (کەسی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو).

## کێشەکانی پەیوەندی نزم

1. نەگونجانی جۆرێتی کار لەگەڵ شارەزیی زانستی و شارەزایی کردەیی.
2. نەبوونی هەماهەنگی لە نێو کۆششەکانی تاکەکان.

3. ئەو کێشانەی کە پەیوەستە بە دەرککردنی مرۆیی و روانگەی بۆ ئەوانیتر و هەستی ئەوان بەرامبەریان.
4. ناڕوونی پاڵنەرەکانی نێرەر.
5. کێشەکانی رەهەندی جوگرافی و ماددی. ئەمەش بەرهەمی دووری ماوەی نێوان رێکخراو و لقەکانە، یاخود رێکخراوە و رێکخراوەکانی ترە، یاخود بەرهەمی ئەو هەموارکردنانەیە کە لە رەوتی نامە سەرکەوتووەکان دروستبووە.
6. کێشە هەرەمییەکان، بەرهەمی شکستە لە پەیوەندی سەرکەتوو و فرەیی ئاستەکان، یاخود ئەو هەموارکردنانەی کە لە رێرەوی نامەکان دروستبووە.
7. ئەو کێشە دەروونییانەی کە هەندێك فەرمانبەر دروستی دەکەن بە هۆی دواکەوتن، یاخود شێوان، یاخود نەهێشتنی گەیشتنی نامەکان بۆ گوزارشتکردن لە هەستی رق و کینە و نارازیبون لەهەمبەر رێکخراو، یاخود هەندێك ئاست تێیدا.
8. کێشە زمانەوانی و تەکنیکییەکان: بەرهەمی خراپ هەڵبژاردنی چەمك و ووشەکانە، یاخود ناڕوونی ماناکانە، یاخود رێکنەکەوتنە لەسەر ناوەڕۆکەکەی، ئەمەش دەبێتە هۆی
9. جیاوازی راڤەکردنەکان، بەتایبەتی ئەو نامانەی کە بە زمانێکی تر، یاخود رەمز، یاخو بە ژمارە، یاخود رێنمایی نائاشنا نوسراون.
10. کێشە فەلسەفی و دەرککردن، کە سەرچاوەکەی جیاوازی ئاستەکانی تاکە، یاخود جیاوازی توانای عەقلی و ئاراستەکانە، یاخود ئاستەکانی هەستکردنیانە بە دەوربەریان، یاخود لەو زیانیارییانەی کە وەری دەگرن، یاخود ئەو نامانەی کە پێویستی بە هەڵوێستی دیاریکراو هەیە لە ژێر رۆشنایی راڤەکردنیان بۆ ئەوەی کە گوێبیستی دەبن، یاخود دەیخوێننەوە.